شانۆگەری ی ژمارە

# خوازبێنی

نووسینی : ئەنتۆن پاڤلۆڤیچ چیخۆڤ

●

نەوزاد عەبدوڵلا ئاغا باوە

لە ئینگلیزی‌یەوە کردوویە بە کوردی

●

پێکەنینێکە لە پەردەیەکدا

بەشدارانی چیرۆکەکە :

ستیپان ستیپانۆڤیچ چووبەکۆف ، خاوەن زەوی‌یەکە
ناتالیا ستیپانۆڤنا (ناتاشا) . کچی‌یەتی تەمەنی بیست‌و پێنج ساڵە .

ئیڤان ڤاسیلیڤیچ لۆمۆف . خاوەن زەوی‌یەکە ، دراوسێ‌ی چووبەکۆفە کابرایەکی لەش ساغ‌و تێرو تەسەلە ، بەلاَم زۆر ڕاڕایە .



پەردە لەسەر ژووری میوانی ماڵی چووبەکۆف‌دا هەڵدەدرێتەوە

دیمەن (ژووری میوانی ماڵی چووبەکۆڤە ، چووبەکوف لە ژووری‌یە ، لومۆف دێتە ژووری‌و بەرگی شەوی لەبەرە ، دەست‌کێشی سپی لە دەست‌کردووە)

چووبەکۆف (بەرەوپیری دەڕوا تا پێشوازی لی‌بکات) : ئیڤان ڤاسیلیڤیچ ! خۆشەویست‌ترین هاوڕێم بڕوا ناکەم ئەوە تۆبی لەبەرچاوم ! ئاە زۆر بەختیارم ! (تەوقەی لەگەڵ دەکات) بەڕاست هاوڕێ‌ی دێرین ئەمە ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەرە ! ئەرێ چۆنی ؟

لۆمۆف . سوپاست دەکەم . ئەی تۆ چۆنی ، نوێژ دەکەی ؟

چووبەکۆف : بە باشی‌و سەلامەتی بەسەری دەبەین .

سوپاسو ستایشم هەیە بۆ دوعابەخێرەکانتو ئەمانە . . . .
فەرموو دانیشە . . . هاوڕێی دێرین دەزانی سەرنەدان لە دراوسێکانت کارێکە لە تۆ ناوەشێتەوە ، بەڵام ئەی هاوڕێی بەڕێزم ئەو هەموو ڕۆتینیاتە بۆچی ؟ شاڵو دەستکێشو ئەم شتانە ؟ باشە کوڕی شیرینم بە میوانی هاتووی یان چی ؟

لۆمۆف : نەخێر هاوڕێم ستیپان ستیپانۆڤیچ . تەنها هاتووم چاوێکم پێت بکەوێ .

چووبەمۆف : ئەی باشە بۆچی شاڵت داوە بە سەر شانتدا ؟ هەر دەڵێی لە ئاهەنگی سەری ساڵی تازەدایت .

لۆمۆف : ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە تێدەگەی . . . . دەستی چووبەکوف ڕادەکێشێ) ئەی ستیپان ستیپانۆڤیچی خۆشەویست ، هاتووم چاکەیەکم لەگەڵ بکەی — ئەگەر بێزارو پەستم نەکردبێ هەر لە زۆر کۆنەوە هەق ئەوەم هەبووە کە زیاد لە جارێك داوای یارمەتیت لێ بکەمو تۆش هەروەها . . بەڵام داوای لێبووردن دەکەم من ئێستا لە حاڵێکی وادام . . قومێك ئاو دەخۆمەوە ئەی ستیپان ستیپانۆڤیچی خۆشەویست (ئاودەخواتەوە) .

چووبەکۆف : (قسە بۆخۆی دەکا) هاتووە تا داوای پارەم لێبکاتو منیش یەك پوولی نادەمێ (ڕوودەکاتە لۆمۆف) هاوڕێی خۆشەویستم مەسەلە چی‌یە ؟

لۆمۆف : (ستیپان ستیپانۆڤیچی خۆشەویست تێ ئەگەی . . . داوای لێبووردن دەکەم ستیپانە خۆشەویستەکە ، مەبەستم ئەوەیە لە حاڵێکی ئاوا وروژاو دام ، هەروەك کە دەمبینی . . . . بە کورتی تۆ تەنها کەسی کە لەوانەیە دەستی یارمەتیم بۆ درێژبکەی بێگومان هەرچەندە من شتێکی واش ناکەم کە پێویست بە یارمەتی بکات ، وە هەروەها مافی ئەوەشم نی‌یە کە داوای یارمەتیت لێ بکەم

چووبەکۆف : ئۆە کوڕی شیرینم لە کورتی بیبڕەوەو ئەوەندە درێژەی مەدەیە !

لۆمۆف : بەڵێ ، بەڵێ . . ڕاستەوخۆ پێت دەڵێم . . . .

هاتووم داوای دەستی ناتالیای کچت بکەم !

چووبەکۆف : (بە دڵخۆشی‌یەوە) : ئیڤان ڤاسیلیڤیچ ئەی خۆشەویست‌ترین هاوڕێم ، بیڵێرەوە — باش گوێم لێ‌نەبوو !

لۆمۆف : بە فەخرەوە داوای دەکەم . .

چووبەکۆف (قسەکەی پێ دەبڕێ) : ئەی خۆشەویست‌ترین لاوم ! زۆر زۆر بەختیارمو هەروەها . . بەڵێ ، بەڕاست — وە ئەوشتانەی تریش (باوەش بە لۆمۆف‌دا دەکاو ماچی دەکات) هەر لە زۆر کۆنەوە ئەم خۆزگەیەم خواستووەو هەمیشە ئامانجی سەرەکیم بووە (فرمێسکەکانی هەڵدەوەرێنێ) هەمیشە بە کوڕی خۆم داناویو خۆشم ویستووی ئەی هاوڕێی دێرینم ! خوا بەختیاریو خۆشیو هەمووشتێکت پێ ببەخشێ ، هەمیشە هەروەك بۆ خۆم دوعای لەش ساغیو بەختیاریم بۆ کردووی . . . بەڵام باشە ئەوە بۆچی وەك کابرایەکی ساوێلکە لێرە ڕەق ڕاوەستاوم ؟ . لە خۆشیاندا لە جێی خۆم وشك بوومو ساکاوم ، ئۆە زۆر بەختیارو دڵخۆشم ، دەڕۆم ناتاشا بانگ دەکەمو ئەنجا . .

لۆمۆف (جووڵەجووڵی پێدەکەوێ) : باشە ستیپان ستیپانۆڤیچی خۆشەویست چیت بە خەیاڵدا دێ کە کچەکەت بیڵێ ؟ ئەتوانم وای لێبکەم کە ڕازی‌بێت ؟

چووبەکۆف : ڕازی نابێت ؟ ! تۆ کوڕێکی ئاوا ڕێك‌وپێكو قۆزو هەروەها ! گرەو ئەکەم پڕ بە دڵخۆشی دەوێیتو ئەمانە ! . . . هەر یەکسەریش مەسەلەکەی پێ دەڵێم ! (دەچێتە دەرەوە) .

لۆمۆف (بەتەنهایە) : ئاه سەرمامە . . . . هەموو گیانم هەڵدەلەرزێ و دەڵێی چوومەتە ژووری تاقی‌کردنەوەوە مەسەلە سەرەکی‌یەکە کە ئەوەیە کەدەبێ دوابڕیار بدەی . ئەگەر بێتو هەر بیربکەیتەوەو قسەی لێبکەیو دوو دڵ‌بیو چاوەڕێی ئافرەتێکی نموونەیی بی ، وەیان چاوەڕێی خۆشەویستی‌یەکی ڕاستەقینەبی ، ئەوا هەرگیز ژنت بۆ نایەت ،

بررر . . .

ئاه سەرمامە ! . ناتالیا ستیپانۆڤنا کچێکی چاكو کابانێکی ماڵ دروستکەرە . تێگەیشتووەو ناشیرینیش نیيە . . . ئی دەئیتر چی ترم دەوێ ؟ . بەلأم ئاه لە حاڵێکی وادام کە خەریکە دەنگەدەنگ لە ناو کەللەمدا دەست پێ دەکا . . . (ئاو دەخواتەوە) ئیتر نابێت بە سەڵتی بمێنمەوە . چونکە پێشەکی تەمەنم سیو پێنج ساڵەو وەختی ژن هێنانمەو دووەمیش پێویستە ژیانێکی جێگیرو ڕێکخراوم هەبێ . تووشی نەخۆشی دڵ بوومو هەمیشە دڵە کوتێمە زۆر زوو هەڵدەچمو هەمیشە

وروژاوم . . تەنانەت ئێستا لێوم دەلەرزێو پێڵوی چاوی ڕاستم دەفرێ بەلأم لە هەمووی خراپتر خەوەکەمە ، هەرەکە دەچمە ناو جێگاوە چاوم دەچێتە خەوو ناچێتە خەوە خەنجەرێك دەکرێ بە لای چەپمدا ! خەنجەر هەر ڕێك بە شانمدا دەچێتە ناو سەرمەوە . . . . منیش هەروەك شێتێك ڕادەپەڕمو هەڵدەبەزمەوە ، هەڵدەستم کەمێك دێمو دەچم دوایی پاڵ دەکەومەوە یەکسەر چاوم دەچێتە خەوو دیسانەوە خەنجەرەکەم پێدا دەکرێتەوە وە هەمان شت زیاد لە بیست جار لەشەوێکدا دووبارە دەبێتەوە .

(ناتالیا دێتە ژوورەوە)

ناتالیا : ئۆه : ئەوە تۆی ! . بابە دەیوت برۆ ژوورەوە ناسیاوێك بۆ کاری خێر هاتووە . چۆنی ئیڤان ڤاسیلیڤچ ؟ .

لۆمۆڤ : ئەی تۆ چۆنی ناتالیا ستیپانۆڤنای خۆشەویست ؟ .

ناتالیا : داوای لێبووردن دەکەم کە ئەم بەروانکەیەم بە ستووەو پۆشتەو پەرداخ نیم . ئەوە پۆڵکەمان پاك دەکرد بۆ وشك کردن باشە ئەوە بۆچی ماوەیەکی زۆرە سەرمان لێ نادەی ؟ . دە دانیشە دانیشە . (هەر دووکیان دادەنیشن) خواردنت بۆ ئامادە بکەم ؟ .

لۆمۆڤ : نەخێر زۆر سوپاس نانم خواردووە .

ناتالیا : ئەی جگەرەیەك ناکێشی ؟ . ئەوە شقارتەی لێیە . . . . ئەمڕۆ سامالو خۆشە . بەلأم دوێنێ بارانێکی واباری یەك پیاویش ئیشی بۆ نەکرا . ئەرێ چەند فەردەت ئامادە کردووە بیبەیتە ژووری ؟ . بڕوا دەکەی ئەوەندە بە گورجی ئیشمان لێ کرد بەجۆرێك هەموو کێڵگەکانمان دروێنەکرد . بەلأم ئێستا پەشیمانیش بوومەتەوە – دەترسم کایەکەش برش هەڵێنێ .

باشتروابوو چاوەڕێمان کردبایە . بەلأم باشە ئەوەچییە ؟ . ئەوە دەڵێی شاڵت بەسەر شانتدا داوە . ئەمەیان شتێکی تازەیە . باشە ئەوە بۆ ئاهەنگی سەما دەچی یان چی ؟ . بەم بۆنەیەشەوە دەزانی گۆڕاویتو قۆزبوویت ! . بەلأم بەڕاست بۆچی ئابەو جۆرە خۆت گۆڕیوە ؟ .

لۆمۆڤ . (بە وروژاوی) : ئەزانی ناتالیا ستیپا نۆڤنای خۆشەویست . ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بڕیارمدا داوات لێبکەم کە . . . . گوێم لێبگرە . . . . بێگومان لەوانەیە تۆ سەرت بسوڕمێو تەنانەت تووڕەش بی . بەلأم من . . . (قسە بۆخۆی دەکا) ئای چەند سەرمامە .

ناتالیا : ئێ باشە ئەو شتە چییە (کەمێ بێدەنگی) .

لۆمۆڤ : هەوڵ دەدەم کە بە کورتی بیڵێم . بێگومان ناتالیا ستیپا نۆڤنای خۆشەویست . تۆش دەزانی کە هەر لە کۆنەوە من بنەماڵەی ئێوەم ناسیوە . لە ڕاستیدا لە منداڵیمەوە دەتان ناسم . پووری ڕەحمەتیمو مێردەکەی – کە مۆلکەکەیان بۆ من مایەوە ، هەروەك تۆش دەزانی . هەمووکات ڕێزو سلاوێکی گەرمیان بەرامبەر باوکتو دایکی ڕەحمەتیت پیشان داوە بنەماڵەی لۆمۆڤو بنەماڵەی چووبەکۆڤ ، هەمیشە بە بەختیاریو ئاسوودەیی پێکەوە ژیاون ، پیاو دەبێ بڵێ کە هەمیشە پەیوەندی نێوانیان زۆر پتەو بووە . بێجگە لەوەش هەروەك دەزانی ، مولکەکەی من زۆرلەوەی ئێوەوە نزیکە ، لەوانەیە وای ڕابگەیەنن کە کێڵگەکانی ڤۆلۆڤیی من سەر بە دارستانە بەتۆلاکانی [1] ئێوەن .

ناتالیا : داوای لێبووردن دەکەم کە دەبێ قسەکەت پێ

بیرم . وتت کێڵگەکانی ڤۆلۆڤی «من» بەڵام بەڕاست ، ئەو کێڵگانە هی تۆن ؟

لۆمۆڤ : بەڵێ هی منن . . . . . .

ناتالیا : زۆر چاکە . چی‌تر ! کێڵگەکانی ڤۆلۆڤ هی ئێمەن‌و هی تۆنین ! .

لۆمۆڤ : نەخێر ناتالیا ستیپانۆڤنای خۆشەویست ، هی منن .

ناتالیا : ئەمەیان بەلای منەوە شتێکی تازەیە . باشە ئەو کێڵگانە چۆن بوون بە هی‌تۆ ؟ .

لۆمۆڤ : مەبەست لە «چۆن» چی‌یە ؟ . من لە بارەی کێڵگەکانی ڤۆلۆڤ‌یەوە دەدوێم کە لە پارچە زەوی‌یەکی سێ گۆشەیی دان‌و کەوتوونەتە نێوان زۆنگە سووتاوو دارستانە بە تۆلاکانەوە .

ناتالیا : بەڵام . بێگومان بەڵێ . . هەر هی ئێمەن .

لۆمۆڤ : نەخێر ناتالیا ستیپانۆڤنای خۆشەویست تۆ هەڵەییت ، ئەم کێڵگانە هی منن .

ناتالیا : کوڕە ئیڤان ڤاسیلیڤیچ کەمێ وەرەوە سەر خۆت ! . باشە لە کەنگێ‌وە ئەو کێڵگانە هی تۆن ؟ .

لۆمۆڤ : مەبەستت چی‌یە کە دەڵێی «لە کەنگێ‌وە» ؟ . ئەوەتەی بیرم دێت هەر هی من‌بوون .

ناتالیا : باشە . لێرەدا دەبێ بمبووری کە ڕازی نیم .

لۆمۆڤ : ناتالیا ستیپانۆڤنای خۆشەویست دەتوانی لە ناو بڕوانامە ڕەسمی‌یەکاندا ببینیت . ڕاستە ماوەیەك هەندێ کێشە لەسەر کێڵگەکانی ڤۆلۆڤ دروست‌بووبوو ، بەڵام ئێستا هەموو کەس دەزانێ کە هی منن ، بەڕاست پێویست ناکا ئیتر قسەی لەسەر بکەین ئەگەر بۆت باس بکەم – وەختی خۆی نەنکی پوورم ئەو کێڵگانەی بێ‌کرێ داوەبە جووتیارەکانی باوکی باپیرت لە هەق ئەوەی کە خشتیان لە کووردەدا بۆ سوور کردۆتەوە . جووتیارەکانی باوکی باپیرت کێڵگەکانیان بۆ ماوەی ئاوا چل ساڵێك بەکار هێنابوو ، لەبەر ئەوە وەك هی خۆیانی لێ‌هات‌بووو بە هی خۆیان دەزانی . .

بەڵام دوای ئازادبوون کە ڕێکخراوەکان بنیات‌نران . . .

ناتالیا : بەڵام بە هیچ جۆرێك بەو جۆرە نەبووە کە تۆ باسی دەکەی . باپیرم و باوکی باپیریشم هەر ووتوویانە کە تا زۆنگە سووتاو هی ئێمەیە . کەواتە کێڵگەکانی ڤۆلۆڤ‌یش هەر هی ئێمەن . ئیتر بۆچی لەسەری دەڕۆی ؟ .

من لێ‌ی تێ‌ناگەم . بەڕاست شتێکی ناخۆشە ! .

لۆمۆڤ : ناتالیا ستیپانۆڤنا ، بڕوانامە ڕەسمی‌یەکانت پیشان دەدەم

ناتالیا : نا . . سوعبەت دەکەی یان دەتەوێ تووڕەم بکەی . . . .

ئەگینا ئەم شتە سەرسوڕهێنەرە چی‌یە ؟ . ئێمە سێ‌سەد ساڵە موڵکمان هەیە ، تازە کەسێ لاف ئەوە لێ‌دەدا کە ئەو موڵکانە هی ئێمەنین ! . ئیڤان ڤاسیلیڤیچ داوای لێ‌بووردن دەکەم تەنانەت بڕوابە گوێ‌ی خۆشم ناکەم قسەی وایان پێ بیستم . خۆ من ئەو کێڵگانەم هیچ پێ‌گرنگیش نی‌یە . هەر ئاوا نزیکەی پەنجا (ئەکر)[2] دەبن وەقیمەتیشیان لە سێ‌سەد ڕۆبل تێ ناپەڕێ ، بەڵام غەدریش هەر ناخۆشە ! . هەرچی‌یەکت پێ خۆشە بیلێ بەڵام من غەدر قبووڵ ناکەم . .

لومۆڤ : دە گوێم لێ‌بگرە . . تکات لێ دەکەم ! . جووتیارەکانی باوکی باپیرت ، هەر وەك لەوەوپێش عەرزم کردی خشتیان بۆ نەنکی پوورم سوور کردۆتەوە ، وە نەنکی پووریشم حەزی کردووە چەند شتێکیان لە گەڵدا بکات . .

ناتالیا : باپیر ، باوك ، پوور . . هیچی لێ تێ‌ناگەم ! . کێڵگەکان هی خۆمانن ، ئیتر تەواو .

لومۆڤ : هی ئێمەن .

ناتالیا : هی ئێمەن . دەتوانی تا دوو ڕۆژی تریش هەر بیرێنی تا بیسەلمێنی کە هی تۆن ، ئەگەر بتەوێ دەتوانی پانزدە قات جل لەبەر بکەی ، بەڵام کێڵگەکان هەر هی ئێمەن ، هی ئێمەن ، هی ئێمەن ! . من کێڵگەی ئێوەم ناوێت ، بەڵام

ناشمەویٚ کێڵگەی خۆشمم لە کیس بچیٚ. . . تۆ خۆت دەتوانی خۆت ڕازی کەی !.

لۆمۆف : ناتالیا ستیپانۆڤنا ، خو من کێڵگەکانم ناوێن ، بەڵام کێڵگەکان بنەڕەتی مەسەلەکەن . دەمەویٚ ئەو کێڵگانە پێشکەشی تۆ بکەم .

ناتالیا : بەڵام تۆ نا ! ، من دەتوانم ئەو کێڵگانە پێشکەشی تۆ کەم ، چونکە ئەو کێڵگانە هی منن ! . بەڕاست ئیڤان ڤاسیلیڤیچ شتێکی زۆر سەیرە ، خۆ ئێمە تائێستا تۆمان بە دراوسیٚیەکی زۆر چاكو هاوڕیٚیەکی خۆمان داناوە . پار مەکینەی دروێنەکەی خۆمان دابەتۆو درەوەکەی خۆمان تا مانگی تشرینی دووەم دواکەوت ، بەڵام ئێستا تۆ وەك قەرەج تەماشامان دەکەیو مامەڵەمان لەگەڵ دەکەی . کێڵگەی خۆم پێشکەشی خۆم دەکەی ! . بە داخەوە ، دراوسیٚیەتی وانابیٚ ، ئەگەر نازانی بەڕای من ئەمە شتێکە هەر ئەوە ناهێنی باسیشی بکەی .

لۆمۆف : مەبەستت ئەوەیە کە بلٚیٚی من داگیرکەرم ؟ . هەرگیز موڵکی یەك کەسیشم داگیر نەکردووە خانم ، وە ڕیٚی کەسیش نادەم کە تاوانیوەم لە مل بنالێنی بەخێرایی دەچێتە لای دۆلکە ئاوەکەو ئاو دەخواتەوە) کێڵگەکانی ڤۆلۆڤی هی‌منن !

ناتالیا : شتی وانییە ، هی ئێمەن .

لۆمۆف : هی منن .

ناتالیا : ڕاست نییە ، بۆت دەسەلمێنم ! . پیاوەکان دەنێرم ئەمڕۆ بچن بیان دروونەوە .

لۆمۆف : ئەوە چییە ؟ .

ناتالیا : پیاوەکانم ئەمڕۆ لەویٚ ئیش دەکەن .

لۆمۆف : دەریان دەکەمە دەرەوە .

ناتالیا : ناتوانی شتی وابکەی .

لومۆف : کێڵگەکانی ڤۆلۆڤی هی‌منن ! . . تیٚ نەگەیشتی ؟ . . هی‌منن ! .

ناتالیا : تکایە مەقیژێنە ! . . بۆت هەیە لەماڵی خۆتدا بقیژێنیٚو هەڵبچیو بخنکیٚی . بەڵام تکایە لێرەدا لە حەددی خۆت دەرمەچۆ .

لۆمۆف : خانم ئەگەر لەبەر ئەو دڵە کوتیٚ ترسناکە ئازاردەرەم نەبوایە . وە ئەگەر لەبەر ئەو ژانە سەرەشم نەبوایە ، بە جۆرێکی تر قسەم لەگەڵ دەکردی (دەقیژێنیٚ) کێڵگەکانی ڤۆلۆڤ هی‌منن .

ناتالیا : هی ئێمەن .

لومۆف : هی منن .

ناتالیا : هی ئێمەن .

لۆمۆف : هی منن .

(چوبەکۆف دێتە ژوورەوە)

چووبەکۆف : ئەوە چییە ؟ . ئەو قیژەقیژەتان لەچییە ؟ .

ناتالیا : پاپە . لەو پیاوە ماقووڵە بگەیەنە کێڵگەکانی ڤۆلۆڤی هی کێن هی ئەون یان هی ئێمەن ؟ .

چووبەکۆف (ڕوودەکاتە لۆمۆف) : کوڕی باش کێڵگەکان هی ئێمەن .

لۆمۆف : داوای لیٚبووردن دەکەم ، بەڵام ئەو کێڵگانە چۆن بوون بەهی ئێوە ؟ . خۆ تۆ دەبیٚ کەمێك ئەقڵو ویژدانت بیٚ ! . نەنکی پوورم ئەو کێڵگانەی بیٚ کریٚ داوە بە جووتیارەکانی باوکی باپیرت تا بۆ ماوەیەك کەڵکی لیٚ وەربگرن . جووتیارەکان بۆ ماوەی چل ساڵ لەو کێڵگانەدا ئیشیان کردووەو وایان لیٚ هاتووە کە کێڵگەکان بە هی خۆیان بزانن . بەڵام کاتیٚ کە ڕێکخراوەکان بنیات‌نران ، پاش ڕزگاربوون . . . .

چووبەکۆف : هاوڕیٚی خۆشەویستم بمبوورە . . تۆ بیرت چۆتەوە کە کێشەیەك هەبوو لە سەر کێڵگەکان ، بۆیە جووتیارەکان کریٚیان نەدەدا بە نەنکتو ئەمانە . بەڵام ئێستا هەموو سەگێك دەزانیٚ کە ئەو کێڵگانە هی ئێمەن . بەلیٚ

بەڕاست ناتوانی تەماشەیەکی نەخشەکان بکەی ! .

لۆمۆف : بەلاْم بۆت دەسەلمێنم کە کێڵگەکان هی منن ! .

چووبەکۆف : کوڕی باش ! . ناتوانی بیسەلمێنی .

لۆمۆف : بەڵێ ئەتوانم .

چووبەکۆف : بەلاْم کوڕی شیرینم بۆ دەقیژێنی ؟ . بە قیژە قیژ هیچ شتێك پێك نایەت ! . من تەماح لە هیچ شتێکی تۆ ناکەمو نامەوێنو بە هیچ جۆرێك موڵکەکانی خۆم بە فیرۆ نادەم ، بۆچی بە فیرۆیان بدەم ؟ . ئەگەر بگاتە ئەو رادەیەش ، هاوڕێی شیرینم ئەگەر وا بیربکەیتەوە کە کێشە لەسەر کێڵگەکان هەڵبگیرسێنیو ئالەو بابەتانە ، ئەوا یەکسەر کێڵگەکان پێشکەشی جووتیارەکان دەکەم نەك تۆ ! وە هەر ئەوەیە ! .

لۆمۆف : من لەمە ناگەم ! بە چ هەقێك ماڵو موڵکی کەسێکی تر پێشکەشی خەڵکی دەکەی ؟ .

چووبەکۆف : ڕێم بدە با بڕیاری ئەوە بدەم کە ئەو هەقەم هەیە یان نا ! . کوڕی گەنج لە ڕاستیدا من ئەو کەسەنیم کە ئابەو جۆرە قسەم لەگەڵ بکرێ . من بە باوکی تۆ دەشێمو دوو عومری تۆم هەیە . تکات لێ دەکەم کە بەبێ وروژانو هەڵچوونو ئەو شتانە قسەم لەگەڵ بکەی . . .

لۆمۆف : نا تۆ زۆر ئاسایی من بەکەر دەزانی ، پێم پێ دەکەنی ! .

موڵکەکانم بە هی خۆت دەزانیو ئەنجا دەشتەوێ بە هێمنیو لەسەرخۆیی بمێنمەوەو ئاسایی قسەت لەگەڵ بکەم .

ئەی ستیپان ستیپا نۆڤیچ . ئەمە بە هیچ جۆرێك ڕەفتاری دراوسێی باش نی یە . تۆ دراوسێ نی . . تۆ داگیرکەری ! .

چووبەکۆف : ئەوە چی یە ؟ . . ئەڵێی چی ؟ .

ناتالیا : بابە . . خێرا پیاوەکان بنێرە ئەو کێڵگانە بدوورنەوە .

چووبەکۆف (ڕوو دەکاتە لۆمۆف) : ئەوە چیت وت بەڕێز ؟ .

ناتالیا : کێڵگەکانی ڤۆلۆڤی هی خۆمانن ، وازیان لێ ناهێنم . . نا . نا ! .

لومۆف : یەکتری دەبینینەوە ! لە دادگا بۆت دەسەلمێنم کە کێڵگەکان هی منن .

چووبەکۆف : لە دادگا ؟ . . بەڕێز مەسەلەکەت گەیاندە دادگاو ئەمانە ! . بیکە منەتت نەبێ ! . دەت ناسم ئەوە هەر بۆ ئەوە وەستاوی تا مەسەلەکە بگەیەنی یە یاساو دادگاو ئەمانە . پێتان عەیب نی یە ، هەموو بنەماڵەکەتان لەسەر شتێکی ئاوا بێ نرخو هیچو پووچ بچنە دادگا بۆ شکایەتو شکایەت کاری .

لۆمۆف : تکایە ناوی بنەماڵەکەمان بە خراپ مەهێنە . لومۆڤی یەکان هەموو پیاو ماقوولو پیاو چاکن ، هیچ کامێت ئەوەندەی مامەکەی تۆ پوولەکیو پارە پەرست نەبوون .

چووبەکۆف : بنەماڵەی لومۆف هەموو شێتن .

ناتالیا : ئەرەوەڵلاْ هەر هەموویان شێتن هەر هەموویان ! .

چووبەکۆف : باپیرت ئارەقخۆربوو ، پوورە بچووکەکەشت ناستاسیا میخائیلۆڤنا بەڵێ ئەمە شتێکی ڕاستە ، ڕەدووی ئەندازیارێکی (معماری) کەوتو ئەمانە . .

لۆمۆف : دایکیشت تەیرێکی زۆر ناشیرینو بەدفەڕ بوو (دەستی دەگرێ بەسەر دڵی یەوە) ئاه ئەو ئازارە کوشندەیە لەو لاسنگەم ! . . ئاه خوێن هورووژمی ئازارە کوشندەیە لەو لاسنگەم ! . . ئاه خوێن هورووژمی کردە ناو سەرمەوە . . . . ئاه باوکەگیان ! . . ئاو ! .

چووبەکۆف : باوکیشت قومارچی یەکی ناودار بوو ، ئەوەندەی گایەکی دەخوارد .

ناتالیا : دایکیشت ژنێکی سەر ڕووتی بەرەڵلاْبوو ، کەسی نەدەگەیشتێ لەو کارەدا .

لۆمۆف : ئاه لاقی چەپم سڕبوو . . تۆش کۆمەڵێ دۆستو دڵدارت هەیە . ئوە دڵم . . . . شتێکی ئاشکرایە کە پێش هەڵبژاردنەکان تۆ . . ئاه چاوم ڕەشکەو پێشکە دەکات . . . کوانێ شەپقەکەم ؟ . . . .

ناتالیا : ئەوە کەریەتی یە ! . . سووکی یە ! . . بێ ئابڕوویی یە ! .

چووبەکۆف : جەنابت کابرایەکی دووڕووو ساختەچی و کەری ! . بەڵێ هەر ئەوەی !

لۆمۆف : ئەوەتا شەپقەکەم . . دڵم بە کوێدا بڕۆم ؟ . . دەرگاکە کوا ؟ . . ئاە وابزانم دەمرم . . ئاە لاقیشم لەدەست چوو . . بەرەو دەرگاکە دەڕوا) .

چووبەکۆف (بە دوایدا هاوار دەکات) : جارێکی تر بۆتنی یە پێ بخەیتە ماڵەکەمەوە ! .

ناتالیا : بیگەیەنە دادگا ! . . یەکتری دەبینینەوە ! .

(لۆمۆف بە لۆژە لۆژ دەچێتە دەرەوە)

چووبەکۆف : بە نەفرەتی شەیتان بێ (بەوروژاوی دێت و دەچێ) .

ناتالیا : توخوا شتی وات دیوە ؟ . ئیتر دوای ئەمە بڕوا بە هیچ دراوسێیەك دەکەی ؟ .

چووبەکۆف : داوەڵەشڕی بۆگەن ! . . هیچ و پووچ ! .

ناتالیا : جنۆکە ! . . دەست بەسەر موڵکی خەڵکی دا دەگری و ئەنجا پێشی عەیب نی یە بکەوێتە شەڕە جنێوو قسە لەگەڵیان

چووبەکۆف : ئەو هەوەس بازە هیچ و پووچە تەیرە ناشیرینە هاتبوو بۆ خوازبێنی و ئەوشتانە ! . ئەقڵت دەی بڕێ شتی وا بۆ خوازبێنی هاتبێ ؟ .

ناتالیا : خوازبێنی چی ؟ .

چووبەکۆف : بەڵێ . تۆ بزانە ! . . هاتبوو داوای دەستی تۆم لێبکات .

ناتالیا : خوازبێنی ؟ . من بخوازێ ؟ . . ئەی باشە بۆچی لە سەرەتاوە پێت نەوتم ؟ .

چووبەکۆف : هەر لەبەر ئەوەش بوو کە خۆی لەو چاکەت و شاڵە هەڵکێشابوو هەر دەت وت سجووقە . بنەمۆمی بەدفەڕ ! .

ناتالیا : هاتبوو من بخوازێ ؟ . . من بخوازێ ؟ ! ها ؟ ! . دەکەوێتە سەر کورسی یەك و بۆڵەی دێ . بابێتەوە ، با بگەڕێتەوە . ئاە با بگەڕێتەوە .

چووبەکۆف : کێ با بگەڕێتەوە ؟ .

ناتالیا : خێراکە ! . . خێراکە ! . . وا بوورامەوە ، بیهێنەوە بۆ ماڵەوە (قیژەیەکی هیستریایی یانە دەقیژێنێ) .

چووبەکۆف : ئەوە چی یە ؟ . . چیت دەوێت ؟ . (دەستی دەگرێ بەسەری یەوە) چەند سەیرە ! خۆم دەکوژم ، خۆم هەڵدەواسم ! ئاخ هەر روحیان دەرکێشام !

ناتالیا : ئاە مردم ! . بڕۆ بیهێنەوە بۆ ئێرە :

چووبەکۆف : فسیو . ئاوا بێ شەرمانە . بەسە بەسە . . مەلورێنە .

(دەردەپەڕێتە دەرەوە)

ناتالیا (بەتەنیا بۆڵەی دێ) : ئاخ چیمانکرد . . بیهێنەوە بۆ ئێرە ! . . بیهێنەوە ! .

چووبەکۆف (بە خێرایی دێتە ژوورەوە) . ئەوە هاتەوەو ئەمانە . بە نەفرەت بێ . ئاخ ! . خۆت دەتوانی قسەی لەگەڵ بکەی . من یەك قسەشی لەگەڵ ناکەم ها ! . هەر ئەوەیە .

ناتالیا (بۆڵەی دێ) : بیهێنەوە بۆ ئێرە .

چووبەکۆف (دەقیژێنێ) : پێم وتی ئەوە هاتەوە . چەند شتێکی سەیرە ! . تۆ خوایە . . دەوەرە باوکی کچێکی پێگەیشتووبە . ئاە سەری خۆم دەبڕم . بەڵێ بەڕاست سەری خۆم دەبڕم .ئێمە جنێومان بەو پیاوە داو ئابڕوومانبرد . هەر ئێمە بەشەق فڕێمان دایە دەرەوە . ئەمانەش هەمووی خەتای تۆبوون و تۆ کردتن ! .

ناتالیا : نەخێر خەتای تۆ بوو ! .

چووبەکۆف : ئێستا ئەوانە خەتای من بوون ! . نێ چی تریش ! .

(لۆمۆف دێتە ژوورەوە)

لۆمۆڤ (شەکەت بووە) : ئاه لەو دڵە کوتێ ترسناکەم . . . هەردوو لاقم سڕبوون . . . . ئاخ ئەو ئازارە هەر دەڵێ ی گوللەیە لە لاسنگمدا . .

ناتالیا : ئۆه . . داوای لێبووردن دەکەین ، ئیڤان ڤاسیلیڤیچ ئێمە پەلەپەلمان تێدا کرد . . ئێستا بیرم کەوتەوە ، لە ڕاستیدا کێڵگەکانی ڤۆلۆڤی هی جەنابتن .

لۆمۆڤ : دڵم زۆر خێرا لێ دەدا . . کێڵگەکان هی منن . . هەردوو چاوم دەفڕێ .

ناتالیا : بەڵێ ، هی تۆن ، هی تۆ . . دانیشە . . (هەردووکیان دادەنیشن) ئێمە هەڵەبووین .

لۆمۆڤ : بەلای منەوە مەسەلەکە بنەڕەتە . . کێڵگەکانم پێ هیچ نی یە . بەلام بنەڕەتەکەم پێ گرنگە .

ناتالیا : وایە . . بنەڕەتەکە . . با لە بارەی شتێکی ترەوە قسە بکەین

لۆمۆڤ : بە تایبەتی لەبەر ئەوەی بەڵگەم بە دەستەوەیە ، نەنکی پوورم هینەکانی داوە بە جووتیارەکانی باوکی باپیرت .

ناتالیا : بەسە . . ئیتر قسە کردن لەو بارەیەوە بەسە . . . (قسە بۆ خۆی دەکات)نازانم چۆن دەست پێ بکەم . . (ڕوودەکاتە لۆمۆڤ) باشە بەم زووانە نیازی ڕاوت نی یە ؟ .

لۆمۆڤ : ناتالیا ستیپانۆڤنای خۆشەویست ، وابزانم دوای دروێنەی کێڵگەکانم دەچم بۆ ڕاوە کۆتر . ئۆه ئەرێ زانیت ؟ . . تۆ بزانە چەند بەدبەختم ، سەگەکەم ترایەر دەی ناسی . شەل بووە ! .

ناتالیا : وەیش توخوا ! . . باشە بۆچی وای لێ هاتووە ؟ .

لۆمۆڤ : نازانم . . . یان پێ ی لەجێ چووە یان سەگێکی تر گازی لێگرتووە (هەناسەیەك هەڵدەکێشێ) باشترین سەگمە . لە بارەی نرخەکەی ئەوە هەر باسی مەکە . بە سەدو بیست و پێنج ڕۆبل لە میرۆنۆڤم کڕی .

ناتالیا : وەڵلا ئیڤان ڤاسیلیڤیچ زۆرت پێ داوە .

لۆمۆڤ : چاکە . . من زۆرم پێ هەرزانە . سەگێکی زۆر جوان و سەرسوڕهێنەرە ! .

ناتالیا : پاپە فلایەری بە هەشتاو پێنج ڕۆبل کڕی . فلایەری باوکم زۆر لە ترایەری تۆ باشترە .

لۆمۆڤ : فلایەر لە ترایەر باشترە ؟ نەبابە . . نەبابە : (پێ دەکەنێ) . فلایەر لە ترایەر باشترە .

ناتالیا : بێگومان فلایەر باشترە ! . ڕاستە فلایەر گەنج ترە - هێشتا بەتەواوی کامڵ و گەورە نەبووە – بەلام بۆ نیشانەو زیرەکی تەنانەت ڤۆلچانیتسکیش سەگی لەو باشتری نی یە .

لۆمۆڤ : داوای لێبووردن دەکەم ناتالیا ستیپانۆڤنا . بەلام تۆ بیرت چۆتەوە کە سەگەکەی ئێوە قەپۆزی دەرپەڕیوە . سەگێکیش کە قەپۆزی دەرپەڕی بێ ناتوانێ باش گاز بگرێ .

ناتالیا : قەپۆزی دەرپەڕیوە ؟ . . ئەمە یەکەم جارە شتی وا دەبیستم .

لۆمۆڤ : دڵنیابە کە شەویلگەی خوارەوەی لە هی سەرەوەی کورت ترە .

ناتالیا : بەلام بۆچی . باشە پێواوتە ؟ .

لۆمۆڤ : بەڵێ بێگومان بۆ ڕاکردن شتی چاکە . بەلام بە هەزار حاڵ دەتوانێ گاز بگرێ . دەم و شەویلگەی بەکەڵکی گاز گرتن نایەن .

ناتالیا : جارێ فلایەری ئێمە سەگێکی ڕەسەنە – کوڕی هارێنس و چێنسلە ، بەلام ڕەنگی سەگەکەی تۆ ئەوەندە تێکەڵ و پێکەڵە کە ئەسڵەن هەر نازانی ڕەنگەکەی چۆنە . ئەنجا ئەوەندە ناشیرین و پیرە هەر دەڵێ ی ئەسپی پیرە .

لۆمۆڤ : سەگەکەی من پیرە ، بەلام بە پێنج فلایەری وەك ئەوەی ئێوەی نادەم بەڕای من وانی یە . ترایەر سەگێکی ڕەسەنە . بەلام فلایەر هەر ئەوە ناهێنێ باسیشی بکەی . . هەموو یاری چی یەکان . یەکی سەگێکی وەك فلایەری ئێوەیان هەیە . وەڵلا فلایەر بیست و پێنج ڕۆبلیش ناهێنێ .

ناتالیا : ئەمڕۆ تۆ وەك شەیتان . جۆرە ڕاڕایی یەکی سەیرت

تێدا دەبینرێ ئەی ئیڤان ڤاسیلیڤیچ . جارێ لەپێشدا دەتوت کە کێلگەکان هی تۆن ، ئێستاش دەڵێی ترایەر لە فلایەر باشترە . بەڕاست ئەوەم زۆر پێ ناخۆشە کە ببینم کەسێك باسی شتێك بکات کە خۆشی بڕوای پێ نەبێت . سەرەڕای ئەوەی کە دەزانی فلایەر سەد قاتی سەگە خوێری‌یەکەی تۆ ترایەر باشترە . ئیتر بۆچی ڕاستی ناڵێت‌و هەر نکۆڵی لێ دەکەی ؟ .

لۆمۆڤ : ناتالیا ستیپانۆڤنا ، وابزانم تۆ من بەکەر یان بە کوێر دەزانی . باشە نازانی کە فلایەری ئێوە لووت فشەو قەپۆزی دەرپەڕیوە ؟ .

ناتالیا : شتی وانی‌یە .

لۆمۆڤ : لووت فشەو قەپۆزی دەرپەڕیوە .

ناتالیا : (دەقیژێنێ) : شتی وانی‌یە ؟ .

لۆمۆڤ : جا خانم بۆچی دەقیژێنی .

ناتالیا : ئەی تۆ ئەو قسە هیچ‌و پووچانەت لە چی‌یە ؟ پیاو بێزیان لێ دەکاتەوە ! . سەگەکەی تۆ دەبوو ئێستا زۆر دەمێك بێ کوژرابێ ، کەچی هاتووی لە گەڵ فلایەری ئێمە بەراوردی دەکەی .

لۆمۆڤ : بمبەخشە . . ناتوانم لەسەر ئەم باسە بەردەوام بم ، ئەوا دڵە کوتێ‌کەم دەستی پێ‌کردەوە .

ناتالیا : تێبینیم کردووە ئەو کەسانەی کە زۆر لەبارەی ڕاوشکارەوە قسە دەکەن ، هەر هیچی لێ تێ‌نەگەیشتوون .

لۆمۆڤ : خانم تکات لێ دەکەم بێ دەنگ بە . . دڵم تەق . . (دەقیژێنێ) دە بێ‌دەنگ‌بە ! .

ناتالیا : بێ‌دەنگ نابم تا دان بەوەدا نەنێ‌ی کە فلایەر سەد جار لە سەگەکەی تۆ ترایەر ، باشترە .

لۆمۆڤ : سەد جار خراپترە . فلایەر دەبوو ئێستا دەمێك بێ کوژرابێ ! . ئاە سەرم . . . چاوم . . . شانم ! . .

ناتالیا : بەڵام دەربارەی ترایەری جەنابتان – من ناڵێم بابشکۆژرێ ، ئەو خۆی هەر لە زۆر دەمێکەوە نیوە مردوو بووە .

لۆمۆڤ : (دەگری) : بێ‌دەنگ‌بە ! . دڵم‌وا دەتەقێ

ناتالیا : بێ‌دەنگ نابم .

(چووبەکۆڤ دێتە ژوورەوە)

چووبەکۆڤ : ئەی ئێستا مەسەلە چی‌یە ؟ .

ناتالیا : بابە تو و سەری خۆت بێ پێچ‌و پەنا پێمان بڵێ . کام سەگەیان باشترە ، فلایەری ئێمە یان ترایەری ئەو .

لۆمۆڤ : تکات لێ دەکەم ستیپان ستیپانۆڤیچ ، تەنها یەك شتمان پێ بڵێ : فلایەری تۆ قەپۆزی دەرپەڕیوە یان نا ؟ . ئا یان نەء .

چووبەکۆڤ : باشە چی تێدایە ئەگەر دەریشی پەڕی‌بێت ؟ . لەوە دەچێت کە پێت شتێکی گرنگ بێت ! . هەر چۆنێك بێت لەم هەموو گەڕەکەدا سەگێکی لەوەی ئێمە باشتری تێدا نی‌یە .

لۆمۆڤ : بەڵام بەسەری تۆ ترایەری من لەو باشترە ، وەنی‌یە ؟

چووبەکۆڤ : کوڕی شیرینم هەڵمەچۆ ، با ڕوونی بکەمەوە . . ترایەری جەنابت هەندێ سیفەتی باشی هەیە . خواردنی باشی دەدرێتێ ، لاقەکانی بەهێزن . زۆر تۆکمەو پتەوو ئالەو بابەتانەیە . بەڵام کوڕی شیرینم ئەگەر ئەتەوێ ڕاستی بزانیت ، سەگەکەی تۆ دوو عەیبی زۆر کوشندەی هەیە ، یەکەمیان ئەوەیە کە زۆر پیرە ، وە دووەمیان لووتی فشە .

لۆمۆڤ : بمبوورە . . ئەوە دڵم کەوتەوە تەپەتەپ . با پیاو ڕاست قسە بکات . . لەوانەیە لەبیرت بێت کاتێ لە کێڵگەکانی مارۆسکین‌دا ڕاومان دەکرد ، سەگەکەی من لە گەڵ سپۆتەری کاونت‌دا دەردەچوو . بەڵام ئەوەی ئێوە ئاوا نزیکەی نیو میلێك لە دواوەبوو .

چووبەکۆڤ : بۆیە دواکەوت چونکە ڕاوچی‌یەکەی کاونت قامچی‌یەکی تێ سرەواند .

لۆمۆڤ : مستەهەق‌بوو ، چونکە هەموو سەگەکانی‌تر

نیشتبوونە سەر ڕێوی‌یەکە. بەڵام فلایەری ئێوە سەری لە ڕانەمەڕەکەش شێواندبوو.

چووبەکۆف: شتی وانی‌یە.. هاوڕێی خۆشەویستم، من زۆر زوو تووڕە دەبم. لەبەر ئەوە لێت دەپاڕێمەوە. با واز لەو باسە بهێنین. ڕاوچی‌یەکە قامچی‌یەکەی بۆیە تێ سرەواند، چونکە خەڵکی هەمیشە بە غیلی بە سەگی کەسێکی‌تر دەبەن. بەڵێ.. هەموو کەس ڕقیان لە سەگی ئەوی ترە، وە جەنابیشت لەم هەستەتدا لەوان باشترنی!. بەڵێ بۆ نموونە هەر کە بۆت دەرکەوت کە سەگی یەکێکی تر لە ترایەری تۆ باشترە، یەکسەر دەستت کرد بە قسەو بەیت‌و باڵۆرە هەڵبەستن‌و ئالەو بابەتانە.. تێ‌گەیشتی. من هەموو شتێکم لە بیرە.

لۆمۆڤ: منیش!..

چووبەکۆف (لاسایی دەکاتەوە): منیش!. باشە تۆچیت لەبیرە؟.

لۆمۆڤ: تەپەتەپی دڵم... لاقم سڕبوون.. ناتوانم...

ناتالیا (لاسایی دەکاتەوە): تەپەتەپی دڵم.. تۆ چۆن وەرزشکارێکی؟ هەقە لە جیاتی ئەوەی بچی بۆ ڕاوە ڕێوی‌و ئەوشتانە، لە پاڵ کوورەی موتبەق دابنیشی‌و سیسرك بکوژی. بەڕاست دڵەکوتێ!..

چووبەکۆف: بەڵێ، ڕاوشکار بە هیچ جۆرێك ئیشی تۆ نی‌یە، بەم دڵەکوتێ‌یەوە، لەماڵەوە دانیشی باشترە لەوەی کە بەسەر پشتی ئەو ولاخانەوە هەڵبەزیتەوە. ئەگەر ڕاویشت بۆ بکرێ قەی‌ناکا، بەڵام هەر بۆ ئەوە دەچی تا باسی بکەی یان سەر لە سەگی خەڵکی بشێوێنی‌و ئەو شتانە.. من زۆر زوو تووڕە دەبم لەبەر ئەوە با واز لەو قسانە بهێنین. تۆ بە هیچ جۆرێك وەرزشکارنیت، هەر ئەوەیە.

لۆمۆڤ: ئەی تۆ ئەی تۆ وەرزشکاری، بۆیە دەچی بۆ ڕاو تا ڕاو بۆ کاونت خۆش بکەی، دژی خەڵکی تر فەرتەنە بنێیتەوە.. ئۆە دڵم!. تۆ ساختەچیت

چووبەکۆف: چی!.. من ساختەچیم؟!.. (دەقیژێنێ) بێ‌دەنگ‌بە.

لۆمۆڤ: ساختەچی.

چووبەکۆف: ناپیاو!.. کەر پیاو.

لۆمۆڤ: مشکە پیر. دووزمان.

چووبەکۆف: ئاگات لە دەمت‌بێ دەنا بەو تفەنگە پیسە وەك پۆڕ دەت‌کوژم!.. چەنەبازی بێ ئەقڵ!.

لۆمۆڤ: هەموو کەس دەزانێ‌کە ئۆە دڵم... دەزانێ‌کە ژێر دەستی ژنەکەت بووی‌و لێ‌ی دەدای... لاقم... سەرم چاوم ڕەشکەوپێشکە دەکات.. ئاە وابەلاداهاتم... ئاە کەوتم.

چووبەکۆف: وە دەشزانن کە کلکت لە ژێر دەستی خزمەتکارەکەت دابوو

لۆمۆڤ: ئۆە!. ئۆە.. ئۆە.. دڵم تەق. ئاە شانم دەرپەڕی.. کوانێ شانم؟.. ئاە مردم!. (دەکەوێتە سەر کورسی‌یەك) دکتۆرێك!.. (دەبوورێتەوە).

چووبەکۆف: ناپیاو!.. کەر پیاو! چەنەبازی بێ ئەقڵ!. وابوورامەوە (ئاو دەخواتەوە) بوورامەوە!.

ناتالیا: بەڕاست دیارە وەرزشکارە. تەنانەت نازانێ چۆن لەسەر پشتی ئەسپیش دانیشێ. (ڕوودەکاتە باوکی) بابە ئەوە چی‌یەتی؟.. بابە.. سەیرم کە!.. بابە!.. (دەقیژێنێ) ئیڤان ڤاسیلیڤیچ!. مرد!.

چووبەکۆف: وابوورامەوە!. خنکام!.. هەوا. هەوام بگەیەنی.

ناتالیا: مرد!.. (قۆڵی لۆمۆڤ ڕادەوەشێنێ).. ئیڤان ڤاسیلیڤیچ! ئیڤان ڤاسیلیڤیچ!. ئەوە چمان کرد!. ئەوە مرد!. (دەکەوێتە سەر کورسی‌یەك) دکتۆر!.. دکتۆر!. (هەنسك دەداو پێکەنینێکی هیستریایی پێ‌دەکەنێ).

چووبەکۆف: ئەی ئێستا؟.. مەسەلە چی‌یە؟.. ئێستا

چیت دەوێ ؟ . .

ناتالیا : (بۆڵەی دێ) : مرد ! . . . . مرد ! .

چووبەکۆف : کێ مرد ؟ . (تەماشای لومۆف دەکات) ئەوە بەڕاست مرد ! . خوایە گیان ! . ئاو ! . دکتۆر ! . (پەرداخێك ئاو دەکا بە دەمی لۆمۆڤەوە) قومێ ئاو بخۆرەوە ! . . . .

نا ناخواتەوە . . ئەوە مرد . . . . ئاخ چەند کابرایەکی بەدبەختم ! . ئەوە بۆچی فیشەکێك نانێم بە کەللەی سەرمەوە ؟ بۆ هەر زوو سەری خۆم نەبری ؟ . چاوەڕێی چی دەکەم ؟ . ئەو تفەنگەم بۆ بێنە ! . ئەو خەنجەرەم بۆ بێنە ! . ئەو تفەنگەم بۆ بێنە ! (لومۆڤ بە حاڵ جووڵەیەك دەکات) ئەوە وابزانم بە هۆش خۆی هاتەوە . . دەپەرداخێك ئاو بخۆرەوە ! . . تەواوە . .

لۆمۆڤ : چاوم ڕەشکەوپێشکە دەکات . . . جۆرە ڕەشکەو پێشکەیەکی سەیر دەبینم ! . ئەوە من لە کوێم ؟ .

چووبەکۆڤ : باشتر وایە تازووە ژن بهێنی شەیتان بتان باتەوە کچەکەشم ڕازی دەبێ (دەستیان پێکەوە (دەگرێ) ناتالیا ڕازی‌بووو ئەمانە . دوعای خێرتان بۆ دەکەم . . بەس لێرە بەجێم بهێڵن .

لۆمۆڤ : ها ؟ . . چی ؟ . (هەڵدەستێ) کێ ؟ .

چووبەکۆڤ : کچەکەم ڕازی بوو ! . . باشە ؟ دەی یەکتری ماچ کەن . . شەیتان بتان باتەوە .

ناتالیا : ئەوە ماوە . . بەڵێ باش . . من ڕازیم .

چووبەکۆڤ : دەوەرن دەی یەکتری ماچ کەن .

لۆمۆڤ : ها ؟ . . کێ (ناتالیا ماچ دەکات) ئاە زۆر بەختیارم . . بمبوورە ئەلی ئەو شتانە لەپێناوی چی‌یە ؟ ئاە بەڵێ تێ‌گەیشتم . . دڵم ڕەشکەوپێشکە . . زۆربەختیارم . ناتالیا ستیپانۆڤنا (دەستی ناتالیا ماچ دەکات) لاقم سڕبوو .

ناتالیا : من . . منیش زۆر بەختیارم .

چووبەکۆڤ : ئاە . . چ بارێکی قورسیش لە شانی من بووەوە . . . ئاخ ! .

ناتالیا : بەلام دەبێ ئێستا دان بەوەدا بنێی کە ترایەر ، ئەوەندەی فلایەر ، سەگێکی باش نی‌یە .

لۆمۆڤ : باشترە .

ناتالیا : وەڵلا ترایەر خراپ‌ترە .

چووبەکۆڤ : ئاووەتا . . ئەوە بەختیاری خێزانیش لێرەوە دەستی پی‌کرد ! . ئا ئەو شەمپانیایە بێنە .

لۆمۆڤ : ترایەر سەگێکی باشترە .

ناتالیا : خراپ‌ترە . خراپ‌ترە . خراپ‌ترە ! .

چووبەکۆڤ (دەیەوێ هێمنیان بکاتەوە) شەمپانیا ! . ئائەو شەمپانیایە بێنە ! .

پەردە دادەدرێتەوە

**پەراوێز :**

(١) – بەتولا : درەختێکی نێو جەنگەڵە . زۆر پتەوو قایمە . توێکلێ قەدەکەی زۆر سافو سپی‌یە . تەختەیەکی پتەو بیری لێ دروست دەکرێ .

(٢) – ئەکر : یەکەیەکی پێوانەی ڕووبەرە – دەکاتە نزیکەی چوار هەزار مەتر دووجا .

**سەرچاوە :**

PENGUIN CLASSICS
CHEKHOV
PLAYS
TRANSLATION WITH AN INTRODUCTION
BY: ELISAVETA FEn
LONDON 1959